# ئاگاداریەك لە سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان

لە چوارچێوەی سەردانی شاندی سەندیکاکەمان لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2022/6/15)، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (عبدالرحمن علی کوردە، نەقیبی سەندیکاو صلاح الدین فخرالدین، جێگری نەقیبو ئەندازیار بۆتان طاهر خۆشناو، نوێنەری سەندیکا بۆ کاروباری پەیوەندیەکانو ڕاهێنانو پێگەیاندن)، لەسەر بنەمای بڵاوکراوەیەك لەلایەن کونسوڵگەری گشتی هیندستان لە هەولێر سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕاهێنانو کۆرسی جۆراوجۆر بۆ توێژە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانو وولاتانی تریش کە بەشداردەبن لە ﴿پرۆگرامی هاوبەشی تەکنیکیو ئابووری هیندی (ITEC)﴾ کە بەشێك لە پرۆگرامەکان پسپۆرە جیاجیاکانی ئەندازیاری دەگرێتەوە، سەبارەت بەم پرۆگرامەو کەڵك وەرگرتنی لەلایەن ئەندازیارانەوە، ڕێککەوتنو لێك تێگەیشتن کراو بە گەرمیەوە پێشوازی کرا لە بیرۆکەی بەشداریکردنی سەندیکاکەمان لەم پرۆسەیە. هەر بۆ هەمان مەبەست، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (2022/6/19)، نەقیبی سەندیکاکەمان سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووەو لەگەڵ بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی گفتوگۆی لەمەر ئەم پرۆگرامە کردو ڕێککەوتن کرا لەوەی هەردوولا هەماهەنگ بین بۆ کارکردن لەسەر ئەم پرۆسەیەو ئاسانکاری کردن بۆ خوازیارانی بەشدار. بۆیە بڕیاردراوە، بەپێی ئەو زانیاریو مەرجو ڕێکارانەی خوارەوە، ئەندازیاران داواکاریەکانیان پێشکەش بکەن:

**خەرجیەکانی سەفەرو کۆرسەکان:**

1. لە کاتی چوون بۆ هیندستان واتە پرۆگرامی (Offline)، هەموو خەرجیەکانی چوونو مانەوەو هوتێلو هاتنەوەو بلێتی فرۆکەی دووسەرەو خواردنو بەشداربوون لە کۆرسەکانی پەیمانگاکە بە سوپاسەوە لەلایەن حکومەتی هیندستان دابین دەکرێت.
2. خەرجی تایبەتی ئەندازیار بۆ (Shopping) شۆپینگو دەرەوەی پرۆگرامی پەیمانگاو کۆرسەکان، دەکەوێتەسەر ئەستۆی ئەندازیاری بەشدار واتە (Pocket Money) پێنادرێت بۆ خەرجیە تایبەتیەکانی.
3. لەوانەیە کۆرسەکە یان سیستەمی کاری ئەکادیمیای خانەخوێ بۆ لە ئەستۆگرتنی پرۆگرامێك بە جۆرێك بێت کە بڕە پارەیەك بە بەشداران بدەن بۆ مەبەستی خواردنو خەرجیە نۆرماڵەکانی ڕۆژانەیان.
4. هەروەهاش بۆ بەشدارانی ئۆنلاین (Online)، هیچ بڕە پارەیەك داواناکرێتو کۆرسەکان بەخۆڕاییە.

**مەرجەکان:**

1. ئەندازیار دەبێ ئەندامی سەندیکا بێتو لەلایەن سەندیکاوە بە نووسراوی فەرمی پشتگیری بکرێت.
2. گەر ئەندازیار فەرمانبەر بێت، دەبێ نووسراوی ڕەزامەندی فەرمانگەکەی ئاستەکراو بۆ سەندیکا بێنێ.
3. ئەندازیار هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی بێت کە بەلانی کەمەوە (6) مانگ ماوەی بەسەرچوونی مابێت.
4. ئەندازیار بەلانی کەمی زمانی ئینگلیزی بزانێ کە بتوانێ لە ڕاهێنانو کۆرسەکان تێبگات بە ئینگلیزی.
5. پێویستە ئەندازیار بۆ کۆرسەکە ئەو ناونیشانە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ پسپۆڕیەکەیدا یەکدەگرێتەوەو دەگونجێ.

6. ئەندازیار دەبێ پابەند بێت بە مەرج و ڕێنماییەکانو بەشداربوونی لە هەموو وانەکانی کۆرسەکان بە تەواوی.
7. بەلانی کەم بەشداربوو دەبێ داواکاریەکەی (20) ڕۆژ پێش کاتی کۆرسە دەست نیشانکراوەکەی پێشکەش بکات.
8. لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان بڕیار لەسەر بەشداریکردن دەدرێت بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان.

**شێوازی بەشداری کردن:**

**یەکەم:** چوون بۆ هیندستان (Offline).

**دووەم:** بەشداریکردن بە ئۆنلاین (Online).

**فۆرم و ناونیشانی کۆرسەکان:**

کۆرسەکان بە زنجیرەیی بەپێی کاتی ئەنجامدانی هەفتانە ئەبدەیت دەکرێنەوە وە زۆرێك لەوان بریتین لە پسپۆڕیە ئەندازەییەکان یان دەگونجێن لەگەڵیاندا کە لەم لینکەی خوارەوەدا دانراوە بە فۆرمی پێشکەش کردنو هەموو زانیاریە پێویستەکان لەسەریان بۆ (Online)و (Offline).

**https://www.itecgoi.in/index**

**ڕێکارەکان بۆ بەشداربوون:**

1. لینکی ئامادەبۆکراو لیستی ناوی کۆرسەکان بە هەموو زانیاریەکانیەوە لەخۆ دەگرێ لەگەڵ دوو فۆرم کە پێویستە ئەندازیار بە وورد ی و بە دروستی یەکێکیان پڕ بکاتەوە.

1-1. بۆ بەشداربوونی (Offline) واتە چوون بۆ هیندستان، فۆرمەکەی (7) لاپەڕەیەو (3) لاپەڕەی یەکەم تایبەتە بە زانیاری گشتی لەسەر ئەندازیار، لاپەڕەی (4) تایبەتە بە تاقی کردنەوەی زمانی ئینگلیزی کە لە کۆنسولگەری هیندستان لە هەولێر کە دەکەوێتە (دریم ستی)، چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت. لاپەڕەی (5) بۆ ڕاپۆرتی پزیشکی (Medical Report) کە پێویستە لەلای نەخۆشخانەیەك یان پزیشکێك پڕبکرێتەوەو پەسند بکرێت، لاپەڕەی (6) پەسندکردنی زانیاریەکان بە واژووی ئەندازیار، لاپەڕەی (7) پەسندکردنی لەلایەن بەرپرسی فەرمانگەکەی (گەر کارمەند بێت)، کۆمپانیاکەی و سەندیکای ئەندازیاران (کەرتی تایبەت).

1-2. بۆ بەشداربوون بە (Online)، فۆرمەکەی (3) لاپەڕەیەو بە وورد ی پڕدەکرێتەوە بەپێی زانیاریە داواکراوەکانو هەمان هەنگاوەکانی سەرەوە ئەنجام دەدرێن. کە ئەمەی خوارەوە لینکەکەیە:

**https://www.itecgoi.in/index**

2. دوای پڕکردنەوەی فۆرمەکە بە پێی زانیاری و دۆکیومێنتە داواکراوەکانو دڵنیابوون لە دروستی پڕکردنەوەی زانیاریەکان، بە (3) نوسخە پرینتو واژوو دەکرێن.
3. دواتر سەردانی لقی هەولێری سەندیکا بکەن بۆلای بەڕێزان ئەندازیاران (عبدالخالق علی فتح اللهو بۆتان طاهر خۆشناو) بۆ چێکی فۆرمەکانو پێدانی نووسراوی پشتگیری بە واژووی نەقیب یان جێگرەکەی بۆ فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم و وێنەیەك لە نووسراوەکە بۆ کونسولگەری گشتی هیندستان کە دەکەوێتە (ڤیلای 1010- دریم ستی لە شاری هەولێر).
4. بە نووسراوی سەندیکاوە پێویستە سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم بکەن بۆلای بەڕێزان (هاوژین فرهادو سەرهەد اسماعیل لە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی)و دوای تەواو بوون لەوێ، سەردانی کونسولگەری گشتی هیندستان دەکەن بە مەبەستی چاوپێکەوتن.
5. پێویستە نووسراوی پشتگیری سەندیکا، پاسپۆرتی ماوە بەسەرنەچوو کە بەلانی کەمەوە (6) مانگ مۆڵەتی مابێ، وێنەی کەسی، ناسنامەی سەندیکا، فۆرمی پڕکراوەی ئامادەبۆکراو بە پەسندکردنی لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، لەگەڵ خۆتدا ببەی بۆ چاوپێکەوتنەکە.

6. دوای ڕەزامەندیدان لەسەر وەرگرتنتان، ڤیزای هێندستان پێتان دەدرێتو لە کاتو هەنگاوەکانی سەفەرەکەتان ئاگادار دەکرێنەوە بۆ خۆئامادەکرن.
7. دواتر پێویستە لە ئاکامی داواکاریەکەتان سەندیکاو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری خۆتان ئاگادار بکەنەوە.

جارێکی تریش بەناوی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانو ئێوەی بەڕێز، سوپاسو پێزانینی زۆری خۆمان رادەگەیەنین بۆ گەلی هیندستانو حکومەتو ستافی کونسوڵگەریەکەیانو پەیمانگاکانی کە لەم بوارەدا خزمەتەکانیان پێشکەش دەکەن. ئەم هەڵوێستەیان بەرز دەنرخێنینو ئومێدەوارین ئێوەی ئەندازیارانیش بەپێی مەرجو زانیاریە راگەیەندراوەکان لە سەرەوە، هەوڵ بدەن، باشترین سوود لەم پرۆگرامە وەربگرن کە بەردەوامی هەیەو هەفتانە بەرنامەو کۆرسەکانیان ئەبدەیت دەکرێتەوە.

**تێبینیەکان/**

1. فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم دەکەوێتەسەر شەقامی (60) مەتری، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی، بەرامبەر بە وەزارەتی دارایی، لەناو پارکی سامی عبدالرحمن، هەولێر.
2. کونسوڵگەری گشتی هیندستان دەکەوێتە (باڵەخانەی 1010، دریم ستی) لە شەقامی گوڵان، هەولێر.
3. **بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەکی تر دەتوانن پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنانە:**
   1. 07504634029 – بەڕێز هاوژین فرهاد لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم.
   2. 07504550836 – بەڕێز سرهد اسماعیل لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم.
   3. 07504511344 – بەڕێز عبدالخالق علی فتح الله، بەرپرسی کارگێڕی لقی هەولێری سەندیکا.
   4. 07504640545 – بەڕێز بۆتان خۆشناو، نوێنەری سەندیکا بۆ پەیوەندیەکانو راهێنانو پێگەیاندن.

**عبدالرحمن علی کوردە**
**نەقیبی ئەندازیارانی کوردستان**
2022 / 6 / 19

**وێنەیەك بۆ/**

- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی، ئاماژە بۆ دیدارمان لەگەڵ بەڕێزتان لە (2022/6/19)، بۆ زانینو ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- کونسوڵگەری گشتی هیندستان لە هەولێر، بۆ زانینو ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ زانینو ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی باڵای سەندیکا بۆ سەرپەرشتی پرۆژەی ئەکادیمیای ئەندازیاران لە هەولێر، بۆ زانینو کاری پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی نووسینگە ئەندازەییو راوێژکاریەکان، بۆ گشتاندنی لەسەر نووسینگەکان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لقەکانی (هەولێر، دهۆك، کەرکوك)ی سەندیکا، بۆ زانینو گشتاندنی لە سنوورەکەتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- نوێنەرانی سەندیکا (عبدالخالق علی فتح الله، بۆتان طاهر مصطفی)، بۆ زانینو ئەنجامدانی کاری پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی ئەنجومەنی سەندیکا/ بەشی راگەیاندن/ بەرپرسی ماڵپەر، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی گشتی.
- دۆسیەی تایبەت.
- تابلۆی ئاگاداریەکان.